**رەخنەیەک لە کاری بەڕێوەبەرانی سایتی (www.rawij.com ) – راوێژ**

مەبەست: وێنەیەک

دۆستان ئاواتم شادیتانە!

بەهۆی گەشەکردنی زانستەوە خۆشبختاتە کۆمەڵێک سایتی ئەنترنێتی کوردی هاتوەتە ئاراوە. هەر کام لەو سایتانە لە پیناوی خزمەت کردن بە خوێنەران بەگشتی و خوێنەرانی کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی خۆ ماندوو ئەکەن. وەک خوێنەرێک پێموایە رەنجەکەیان، کارەکەیان بێدەسکەوت نەبووە، کاردانەوەکەی سوودبەخشی بووە! بەپێی کات بابەتەکانی سایتی راوێژیش ئەخوێنمەوە. لە مانگی مەی **Maj** ئەمساڵدا ئەو بابەتانەی خوارەوەم لە ساتی (راوێژ)دا بەرچاو کەوت.

1– **ئەنترناسیونال شیعری ئۆژن پوتیە: وەرگیران بو کوردی ریبوار –**
2 – **چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی چینی کرێکاری کورد نووسینی: کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی : فواد مەجید میسری.**
3 – **کێ تاوانبارە؟ گەلاوێژی حوسێنی**
4 – **بژی یەکی ئەیار رۆژی جیهانی چینی کرێکار راگەیاندنی ......**




وەک ئەبینین لەسەر نووسراوەی ژمارە 2 واتە ( **چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی چینی کرێکاری کورد نووسینی: کەماڵ مەزهەر– وەرگێڕانی : فواد مەجید میسری)** وێنەی دووکانێکی ئاسنگەری دانراوە.
بۆ ئاگاداریتان زۆربەی بەرهەمەکانی مێژوونووس مامۆستا دوکتۆر (کەماڵ مەزهر)م بەگشتی و کتێبی (**چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی چینی کرێکاری عیراق)** کە وەرگێڕی بەتوانا کاک فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی خویندەوەتەوە، ئەو وێنەی کە ئێوە داتان ناوە، نەمبینیوە!

**ئەو وێنە چۆن گەیشتوەتە دەس بەرپرسانی سایتی راوێژ؟**

ڕۆژی 2008/4/26 چەند لاپەڕەیەکم بەناوی **ڕەنجنامە** بە بۆنەی ڕۆژی( یەکی Maj – یەکی ئەیار- یازدەی گوڵان، ڕۆژی کرێکارانی جهان) ڕەوانە کرد بۆ سایتەکانی www.helwist.com - www.rawij.com - www.astafe.eu - www.ashti.nu - www.brwska.com ڕەنجنامە بریتییە لەو بابەتانەی خوارەوە:

1 - **کار**

2 – **وردەبۆژواین؟!** وێنەدار

3– **نرخەکان** وێنەدار

4 - ( **قوت و یاقوت لە ئەفغانستان**) بە کوردی و فارسی وێنەدار

5 – **بۆ ڕۆژی کرێکار**

6 – **ڕەنجی ڕەنجدەران**

7 – **بۆ پینەچی و بۆیاخچییەکانی جادەی کاوە لە سلێمانی**

8 – **( تساوی– از زندەیاد خسرو گلسرخی)** فارسی وێنەدار

9 – **یەکسانی– هۆنراوەی نەمر خوسرەو گوڵسورخی.**

***

لە سەر بابەتەکانی ژمارە 2 - 3 – 4 - 8 وێنەم داناوە و سەرچاوەی وێنەکانم دەسنیشان کردووە. وێنەی ژمارە 8 - وێنەی نەمر (خوسرەو گوڵسورخی)یە و لەسەر هۆنراوەیەکی خۆیان دامناوە، بەهۆی ئەوەی وەک خاوەنی هۆنراوەکە دامناوە، سەرچاوەی ئەو وێنەم دەسنیشان نەکردووە. بۆ ئاگاداریتان لە مانگی (7)ی ساڵی 2005 ئەو بابەتانەی(**تساوی و یەکسانی**)م ڕەوانە کردووە بۆ سایتەکانی www.brwska.com- www.astafe.eu -www.ashti.nu و چەن سایتی دیکە، لە ویدا نووسیومە ئەو وێنە لە ئەنترنێت وەگیراوە. ئەتوانن لە ئارشیڤی ئەو سایتانەدا بەناوی **یەکسانی – هۆنراوەی نەمر خوسرەو گولسورخی** بیخوێننەوە.
بەڕێزان، لاپەڕە 4 ی **ڕەنجنامە** بەو جۆرەی خوارەوەیە:

**وردە بۆرژواین؟!**

ئاسنگەرین ڕۆژ تا ئێوارە، ئاسن ئەکوتین
ئێواریش بۆ نانێک سنگ، ئەکوتین!



**ژان، یا ژیان ؟!**

کە ئەبینم دووگیانێ
گیان لە گیانما نامێنێ!

بەداخە ناوی ئەو کەسەی کە ئەو وێنەی گرتووە، نازانم .

****

وەک ئەبینن لە ژێر ئەو وێنەدا نووسراوە: بەداخە ناوی ئەو کەسەی کە ئەو وێنەی گرتووە، نازانم.

**ئەو وێنە چۆن گەیشتووەتە دەس نووسەری ئەم چەند دێڕە**

بۆ ئەوەی کاتی ئێوە و خوێنەرانی سەروەر نەگرم، زۆر بە کورتی باسی ئەکەم.

ئەو وێنە لەگەڵ نامەیەک و کارتێکی نەورۆزی لە لایەن دۆستێکەوە بۆ من هاتووە. بە داوای لێبوردن بە باشی نازانم ڕۆژ و مانگ و ساڵی ئەو نامە و وێنەکە، هەروەها ناوی ئەو کەسەی کە بۆ ناردووم بنووسم.

وێنەی ئەو دووکانە ئاسنگەرییە چەن جاری دیکە ناردوومە بۆ ئەنترنێت و لە ژێر وێنەکەدا نووسیومە: **ناوی وێنگرەکەی نازانم**، بۆ ئەم باسەیش ئەتوانن سەیری ئارشیڤی ئەو سایتانە لە مانگی (4)ی 2006 بەکەن و لە ژێر ناوی **وشە بچکۆلەکان** دا بیخوێننەوە.

بەڕێزان خۆتان کارنامەی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان ئەزانن چۆنە و چلۆن پەروەندە بۆ خەڵک ساز ئەکا و پیر و جوان، کوڕ و کچی ئەو خەڵکە بەرەو و زیندان ئەبات، هەر بەو هۆیە ئەو وێنەم بەتەواوی بڵاو نە کردوەتەوە. هیوادارم ڕۆژێک بێت و ئەو وێنە جوان و بەهێزە و ..... بە تەواوی بخەمە بەردەستی بینەران.

با لە کۆتایدا ڕەخنەکەی خۆم دەسنیشان بکەم. **ئێوە ئەو وێنەتان لە ڕەنجنامە وەرگرتووە، لە سایتی ڕاوێژ داتاناوە، بێئەوەی باسی سەرچاوەکەی بکەن، یا لانی کەم هەر ئەو دێڕەتان بنووسیایەت: ئێمە خاوەنی ئەو وێنە نازانین کێیە.**
ئەمەیش لە کاتێکدا ئەنجام ئەدەن کە لە سەر هەموو لاپەرەکانی نووسراوەکەی مامۆستا کەمال مەزهەر دا نووسیوتانە: Www.rawij.com بۆ ئاگاداری یەکەمین مەرج لە کاری نووسین و کاری چاپەمەنیدا ئەمانەتدارییە!

هیوادارم لە داهاتوودا لەو کارە زیانبەخشانە دووبارە نەبێتەوە!

2008/5/8

سەعی سەقزی - قایشی

qayshi@yahoo.com